www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 25-2-2006 11:48

## هەڵبژاردنەكانی هۆلندا و بەشداری كردنی جالیەی كورد ... پێشرەو جەمال




هۆلندا یەکێکەلەو ولاتەدیموکراسیانەی کەچەند ساڵ جارێک هەڵبژاردنی تێدا دەکرێت و مەبەست لەم هەڵبژاردنانەش باس لەدیموکراسیەتی هۆلندا دەکات کەدەیەوێت پێک هێنانی حوکمەتی لەرێ جەماوەرەوەبێێت ـ لەهۆلندا هەموو تاکێکی کۆمەڵ کەتەمەنی لەهەژدەبەرەو سەر بێت و چوار ساڵ زیاتر لەهولٚندا بێت بۆی هەیەبەشداری لەهەلبژاردنەکان بکا ت و لەرێی هەڵبژاردنەوەدەنگی خۆی بەو پارتەبدات کەخزمەت بەجەماوەر دەکات ـ

ئێمەی کوردیش کەئێستا نیشتەجێی هۆلنداین پێویستەبیزانین ئەو گۆرانکاریانەچین لەلەم ولاتەدا رودەدات مافی خۆمانەلەهەڵبژاردنەکانی ئەم وڵاتەدا بەشداری بکەین و دەنگ بەو پارتەبدەین کەخزمەت بەدانیشتوانی ئەم وڵاتەدەکات وەبگرەدەتوانین بێبینەئەندامێک لەو پارتەهۆلەندیانەی کەبەشداری لەهەڵبژاردنەکان دەکەن ـ لە **07-03-2006** لەهۆلندا هەڵبژاردنی شارەوانیەکانەبۆ چوار ساڵی داهاتوو لەم ساتەدا کەبەرەو هەڵبژاردنی شارەوانیەکان دەچین لەهۆلندا گشت پارتەسیاسیەکانی ئەم وڵاتەسەرقاڵی ریکلامن بۆ پارتەکانیان و لەرێی فلایەرو فۆڵدەرەوەپرۆگرامی چورار ساڵی داهاتویان بێشکەش بە دانیشتوانی شارەوانیەکان دەکەن ـ

پارتی سۆشیال دیموکرات کەیەکێکەلەپارتەگەورەکانی هۆلندا و چەند ین جار حوکمەتی پێک هێناوەئێستا یەکێکەلەپارتەئۆپۆزیسیەکانی نێو پەرلەمان و چاوەروان دەکرێت لەچەند ساڵی داهاتو دا ئەم پارتەحوکمەت پێک بهێنێت ـ منیش وەک ئەندامێکی ئەم

پارتەدانگدانمان بەمافێکی خۆمان دەزانم و پیۆیستیشە وەک ئەندامێکی ئەم پارتەلەپرۆسەی هەڵبژاردندا بەشداری بکەم ـ

لەرۆژی ٢٤-٠٢-٢٠٠٦ لەپرۆسەی هەڵبژاردندا لەشاری سخیدام لەهۆلندا ڤاوتەر بۆس سکرتێری پارتی سۆشیال دیموکرات (Pvda) سەردانی ئەم شارەی کرد بەمەبەستی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی لەنزیکەوەداواکاریەکان خەڵکی بەرگوێ بکەوێت و منیش وەک ئەندامێکی ئەم پارتەلەگەڵ هاوکارانمدا بەشداریم لەم پرۆسەیەدا کردوو پەیرەو پرۆگرامی چوار ساڵی داهاتومان بۆ جەماوەر رون دەکردەوە۔لەپاشاندا پێشرەو جەمال داوای لەڤاوتەر بۆس سکرتێری کرد کەهەوڵ بدات بۆ پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ پارتەکوردیەکاندا و وەداواشی کرد کەئەو پەیوەندیەلەرێگەی ئەوەو بکرێت بۆ ئەوەی بێبێتەپردێکی نێوان پارتی سۆشیال دیموکرات و پارتەکوردیەکان ـ

پێشرەو جەمال
Peshraw1@hotmail. com